کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-6-2007 10:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرۆک بارزانی ئێستا سەرۆکی کوردە ... سەفین گۆمەشینی

منیش دەڵیم سەرۆك بارزانی ئێستا سەرۆکی کوردە لەگەڵ شادۆ رەواندزی و مامە رۆژ دام کە بە سەرۆکی خۆیانی دەزانن، بەڵام با دوور لە تەعەسوبی حیزبایەتی تێروانینی خۆمان بدەین لە سەر ئەم باسە، ئایا گەر جەنابی کاك مەسعود سەرۆکی هەموو کوردە بە بێ جیاوازی کە ماوەیەکی زۆرە بۆتە سەرۆکی هەرێم چەند جار سەری لەکەس و کاری ئەنفالەکان داوە؟ گەر سەرۆکی هەموو کوردستانە چۆن کاتێ کۆدەبێتەوە بە زۆری لەگەڵ بەرپرسی لقەکانی پارتی و ئینجا مەڵبەندەکانی یەکێتی؟ ئەگەر ساڵی جارێك لەگەڵ لایەنە کانی تری ساحەی کوردستان کۆببێتەوە، ئەی ئەگەر سەرۆکی هەموو کوردستانە بۆ تاوکو ئێستا یەك بریاری لە ژێر دەسەلاتی کسك جێبەجێ نابێت؟ من وەکو رای شەخسی خۆم بە سەرۆکی هەموو کوردستانی دەزانم، بەڵام ئەبێت بە لاتانەوە ئاسایی بێت کە کەسێك رەخنە دەگرێت ئەبێت سنگ فراوان بن لە ئاستیدا، نابێت ئیتر بە پێچەوانەی رای ئێوەو پارتی یان هەر حیزبیکی تر بوون بکەونە نووسینیك کە زەرەیەك خزمەت بە کورد ناکات، بەڵام سەرۆك بەرزانی دڵگەرمیەکی لە رادەبەدری بۆ رێکخستنەکانی پارتی هەیە و ئەمەش تا رادەیەك ئاساییە بەڵام نابێت حیزبەکانی کەش فەرامۆش بکات ئەو حیزبانەی کە لە حکومەت و پەرلەمان حوزریان هەیەو بەشدارن، چونکە پەرلەمان بریاری دا، ببێت بە سەرۆکی کورد، وە پەرلەمانیش پێکهاتووە لە لیستەکانی زەرد و کسك و یەکگرتوو کۆمەڵ و زەحمەتکێش و شیوعی وسوسیالیست جا کەواتە سەرۆکی هەموو ئەم لیستانەی پەرلەمانیشە، هەرکەسێ پێچەوانەی ئەمە بێت کەواتە دژی خودی کاك مەسعودە، بەڵام ئەبێت پێتان ئاسایی بێت کە کەسێکی ئاسایی سەر بە شیوعی یان یەکگرتوو یان یەکێتی یان کۆمەڵ بە سەرۆکی خۆی نەزانێت، ئەگەر دژی ئەو کەسانەش قسە بکەن ئەوە ئەچێتە خانەی پێشێلکردنی ئازادی تاکە کەسی.

باش وایە نووسینەکان نەچێتە بازنەی تاوانبارکردنی یەکتری، بەڵام رەخنە گرتن هیچ کات ناچێتە خانەی دژایەتی کردن، بەومەرجەی رەخنەی خۆشەویستی بێت لە پێناو خۆ باشترکردن، بۆیە ڕووی دەمم دەکەمە خاڵۆ شادۆو مامە رۆژ و سەیدا تەیب با رێز لە یەکتری بگرین نووسنەکان نەبێتە هۆی دژایەتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.